# فرۆنتپەیج بە کوردی

| نووسەر : ئاسۆ نادری | ئامرازە گرنگەکانی Frontpage. | 2004-07-28 |
|---|---|---|

ئەو کەسانەی کە ماڵپەڕیان هەیەو لە پرۆگرامەکانی بواری ماڵپەڕ دروستکردندا شارەزان، دەزانن کە Frontpage گەر سەرکەوتووترین پرۆگرام نەبێت، یەکێک لە پرۆگرامە زۆر چاکەکانی بواری ماڵپەڕ دروستکردنە، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە لە زمانی HTML شارەزاییان نییە. منیش تائەو رادەیەی کە لێی تێدەگەم لێرەدا شیدەکەمەوە، هیوادارم ئەم زنجیرە بابەتانە لە سەر ئەو پرۆگرامە تەنیا زنجیرە بابەتێک نەبن لە جیهانی ئینتەرنێتی کوردیدا.

ئەم زنجیرە وانانەی من تێرو تەسەل نین لەسەر ئەو پرۆگرامە بەنرخە، بەڵکو بەشێکی زۆر بچووکە لە ئێشەکانی، ئەم زنجیرە بابەتانە لە سەر چۆنیەتی دروستکردنی پەڕەکانی ماڵپەڕێک دەبێت.

دەبێ ڕوون بێت کە ئەم بابەتە لە سەر Microsoft Frontpage XP بە بەرهەم هاتووە.

پێش هەموو شتێک چاوێک دەخشێنین بە ئامرازو خاڵە گرنگەکانی ئەم پرۆگرامە،

پرۆگرامەکە بکەوە




شێوەی پرۆگرامەکە بە گشتیی




لیستەکانی Frontpage لە سەرەوە




ئامرازە سەرەکیەکان




1> کردنەوەی پەرەیەکی نوێ.

2> کردنەوەی پەڕەیەکی پێشتر پاشەکەوت کراو.

3> Saveپاشەکەوتکردن .

4>گەڕان بە دوای وشەیەکدا، لێرەدا دەتوانی هەر شتێک بنووسیت کە لە چوارچێوەی پرۆگرامە دەرنەچێت و بە دوایدا بگەڕێیت.

5> چاپکردن.

6> بینینی پەڕەکە.

7>گەڕان بە دوای هەڵە ڕێزمانیەکاندا و دروستکردنەوەیان، (زۆر گرنگ نییە ).

8> بڕین.

9> لەڕونووسینەوە.

10> لکاندن.

11> شێوە چاپکەر.

12> بۆ هەنگاوی پاشەوە.

13>□ بۆ هەنگاوێ پێشەوە.




14>سەرەکیەکانی وێب.

15>خشتە دروستکردن.

16> وێنە دانان.

17> بەستەر دانان. (لینک).

18> بوژانەوە.

19>وازلێهێنان.




<20 Frontpage لێرەدا بۆ خۆی قەبارەی دیاریکراوی هەیە بۆ نووسین. (زۆر گرنگ نییە).

<21 شێوەی خەت.

<22 قەبارەی خەت (نووسین).

<23 شێوەی نووسینەکە، قەڵەو، بەلادا چەماو، هێڵ لە ژێر.

<24 سەرچاوەی دەستپێکردنی نووسینەکەت، ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نووسینەکە بە چ زمانێکە، ئەگەر بە کوردی بێت دەبێت لە دەستی ڕاستەوە بێت.

<25 ، <26 تەواوکەرێک بۆ ژمارە 24، ئەگەر لە ژمارە 24 دا لە بۆ سەرچاوەی نووسین لە دەستی ڕاستەوەت دەستنیشانکرد، دەبێ لێرەش هەمان ئیش جێبەجێ بکەیت.




<27 هەڵبژاردنی ڕەنگی دیاریکردن، کاتێک دەتەوێ نووسینێک دیاریبکەیت، مشکی کۆمپیوتەرەکەت دەکێشی بەسەریدا و دیاریدەکەیت، ئەو ڕەنگەی کە لە ژمارە 27 دا هەڵیدەبژێریت، ئەو ڕەنگە دەبێت کە بەسەر نووسینە دیاریکراوەکەدا دەردەکەوێت.

<28 هەڵبژارنی ڕەنگێک بۆ نووسینەکانت.

کۆتایی

چاپکردن

http://fp.all4kurds.net فرۆنتپەیج بە کوردی